# مافی مسوڵمان لە سەر مسوڵمان پێنجە: وەڵامدانەوەی سەلامکردن، وشوێنکەوتنی جەنازە، و وەڵامدانەوەی بانگهێشت کردنی بۆ خوان (دەعوەتکردن)، و وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی (کە دەپژمێت و(دەڵێت: الحمد لله، پێی بڵێیت: یرحمک الله

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: «مافی مسوڵمان لە سەر مسوڵمان پێنجە: وەڵامدانەوەی سەلامکردن، وشوێنکەوتنی جەنازە، و وەڵامدانەوەی بانگهێشت کردنی بۆ خوان (دەعوەتکردن)، و وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کە دەپژمێت و(دەڵێت: .«(الحمد لله، پێی بڵێیت: یرحمک الله

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی هەندێک مافەکانی مسوڵمان دەکات لەسەر برای مسوڵمانی، مافی یەکەم: وەڵامدانەوەی سەلامکردنی هەرکەسێک کەسەلامت لێ دەکات مافی دووەم: سەردانیکردنی نەخۆش ودڵدانەوەی. مافی سێیەم: شوێنکەوتنی جەنازە لەماڵەوە بۆ شوێنی نوێژکردن لەسەری وپاشان هەتاوەکو دەخرێتە گۆڕەوە مافی چوارەم: وەڵامدانەوەی بانگهێشت کردنت بۆ خواردنی نانی هاوسەرگیری وهور خواردنێکی تربێت. مافی پێنجەم: وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کە دەپژمێت ودەڵێت: (الحمد لله) واتە: (حەمد وستایش بۆ الله)، پێی بڵێیت: (یرحمک الله) واتە: (خوای گەورە ڕەحمت پێبکات)، پاشان ئەوەی پژمی دەڵێت: (یهدیکم الله ویصلح بالکم) واتە: (خودا .(هیدایەتتان بدات وکاروبارتان باش بکات

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3706